حکومەتی ئەڵمانیا دەیەوێ پەنابەرانی هەرێمی کوردستان لەو وڵاتە هانبدات بە گەڕانەوەی خۆیستانە

گۆڤاری "بەڵ ئێن ئی ئینتلیجسن" لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرایکردووە کە حکومەتی ئەڵمانیا دەیەوێ پەنابەرانی کوردی هەرێمی کوردستان هانبدات لەو وڵاتە بە گەڕانەوەی خۆیستانە بڕۆ زەد و وڵاتی خۆیان، ئاشکراشیکردووە کە هەوتی دەرکردنی زۆرملێیانەی ئەو پەنابەرانەیشی دەست پێکردووە.

بەگوێرەی ئەو گۆڤارە، حکومەتی ئەڵمانیا و عێراق لە ساڵی 2023 و لەپەناو دەرکردنی پەنابەران هەککەوتنکیان واژە کردووە کە بڕیاری ئەو هەککەوتنە تا ئێستا زیاتر لە 70 کەس لە هاووڵاتیانی کوردی هەرێمی کوردستان لە ئەڵمانیاوە دیپۆرت کراونەتەوە.

ئەم لێکاتێکدایە کە "بەڵ ئێن ئی ئینتلیجسن" ئاماژەی بەوەکرد کە بڕپرسانی ئەڵمانیا "ئاوەدانی و سامانە"ی هەرێمی کوردستانیان کردۆتە بیانوو بۆ دیپۆرتکردنی ئەو پەنابارانە کوردانە، هەروەها تا کۆتایی ساڵی 2023 نزیکەی 26 هەزار کەس لە پەنابەرانی هەرێمی کوردستان و عێراقی حوکمی دەرکردنیان پێ دراوە لێخای ئەڵمانیا.